
چین سەرکەنەی هەرشەکان بۆ سەر ئێران دەکات و داوای راگرتنی شەڕ دەکات



وەزیری دەرەوەی چین، رایگەیاند، ئەو هەرشانەی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران ئەنجامیانداوە قبوڵناکراون، داواشی کرد دەستبەجێ ئاگربەست رابگەیەنرێت و گفتوگۆکان دەستپێبکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە فراوانبوونی بازنەی ململانێکان بکرێت.

یەکشەممە 1ـی ئاداری 2026، ئاژانسی هەواڵی (شینجوا)ـی چینی باڵاویکردەوە، وانگ یی وەزیری دەرەوەی چین لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سێرگی لاڤرۆف، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاندووە: "کوشتنی ئاشکرای سەرکردەیەکی خاوەن سەروەری و هاندان بۆ گۆڕینی ڕژێم، دوو کاری قبوڵناکراون."

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەمریکا و ئیسرائیل بەیانی ڕۆژی شەممە 28ـی شوباتی 2026، هەرشیان کردە سەر ئێران، کە بەهۆیەوە ئایەتوڵا عەلی خامنەیی، ڕابەری باڵای ئێران گیانی لەدەستدا.

هاوکات دۆناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمریکا هانی ئێرانییەکانی دا کە دەرفەتێکە بقۆزنەوە و دەسەڵاتی حکوومەت بگرنە دەست.

وەزیری دەرەوەی چین ئاماژەی بۆش کردووە، پێیژین داوای راگرتنی دەستبەجێی ئێپەراسیۆنە سەربازییەکان و گەرانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و دانوستان لە زووترین کاتدا دەکات.